هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 46

سالّی/ 2008 – بەرگی چل و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2008

# پێرِیست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/2/10 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/2/26 ل13

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/10 ل51

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/17 ل69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/3/30 ل83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/31 ل145

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/2 ل197

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/7 ل257

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/4/13 ل297

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/14 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/16 ل373

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/21 ل443

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/22 ل515

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/23 ل561

من پێم وایە تەنیا کاك خلیل ئاماژە بە پرۆژەکان بکەین و دواتر ئێمەش تەحویلی دەکەین بۆ لیژنەی پەیوەندارو ئەندامان، بۆ ئەوەی راپۆرتی پێویست حازر بکەن، دواتر رۆژێك دیاری دەکەین بۆ موناقەشەکردنی، کاك خلیل فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەو پرۆژەیە 13 مادده لە خۆی دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرۆژەی یەکەم وەکو کاك خلیل خوێندیەوە،پرۆژەیەکە لە حکومەتی هەرێمەوە هاتووە، پێك هاتووە لە 13 مادده، ئێمە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێزی دەکەین، لە سایتی پەرلەمانیش دا بلاوی دەکەینەوە، ئومێد دەکەم ئەو دوو لیژنەیە بتوانن لە داهاتوو دا تاوتوێی لەسەر بکەن، تا ئەو کاتەی دەیخەینە بەرنامەی کارو وەزارەتی ناوخۆش لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم کە چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە ئیعلان بکرێت، وەکو یەك وەزارەت بێت و کاری خۆی دەکات و بۆ ئێمەش ئاسان تر دەبێت. کاك خلیل خاڵی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، دووەم پرۆژەیە کە لە 44 مادده پێك هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی بەرێز دەکەین، بە هەمان شێوەی پرۆژەی خاڵی یەکەم، ئومێد دەکەین کە بە هەندی وەربگرن، چونکە مەسەلەیەکی گرنگە، خۆمانی بۆ حازر بکەین بۆ موناقەشەکردنی، ئەو تایبەتمەندیە لە کوردستانیش دا هەیە رەچاوی بکرێت، کاك خلیل فەرموو خاڵی سێیەم بخوێنەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای کاری دابەشکردنی بودجەی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە، ئەوە لە لای ئێمە نیە و نەگەیشتووە بە ئێمە نازانم چەند ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێت، وابزانم کاروباری ئەنجومەن نەیانخستووەتە ئێرە، چونکە گرنگە و ناوەکانی تێدایە، پێویستە ناوەکان بخوێنمەوە، بۆ ئەوانەی کە داوایان کردووە. ئەم پرۆژەیە جاری یەکەم درایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بە پێی مەسئولیەتی پێی وابوو، کە دەبێت حکومەتی هەرێم